www.kurdistannet.org
2-6-2003 22:37

# ژیان بردنه سەرلە کونە دیوارێکدا، لەترسی پیاوەکانی سەددام

وەرگێرانی: کاوە ئەمین



جەواد ئەمیر سەعید، لە (١٩٨١/٩/٢) وە، هاتا کاتی روخانی رژێمی سەددام، خۆی لە کونە دیوارێکدا، حەشار دەدات. شەش هەفتە پێش ئێستالەو کونەی کە خۆی تێدا شاردبووەوە، هاتە دەرەوە و وتی: ئەها، وەللە خۆ من لەهیچم کەم نەبوو، هەموو شتێکم هەبوو.

یەک هەفتەی خایند، تا جەواد بتوانێت بەرنامەیەکی وا دابنێت، تا خۆی لەدەست پیاوکوژەکانی سەددام بشارێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە، تونێلێکی لە بەینی هەردوو دیواری چێشتخانەکەیانەوە لێدا، کە دەچووە سەر ژورێکی بچووکی یەک مەتر و نیو بە یەک مەتر، ئەویش لەگوندەکەی خۆیان کە ناوی (کارەدا) یە و دەکەوێتە ١٥٠ کیلۆمەتری شاری بەغداوە.

جەواد نەیدەزانی کە ئەو ژورە دەبێتە لانەی ٢١ ساڵ ژیانی، هەتا ئەو کاتەی کە لە ٤/٩ دا لە رادوێی (بی. بی. سی) وە، گوێبیستی روخانی رژێمی سەددام دەبێت.

جەواد دەڵێت: من لەو باوەرەدام کە خوا، جۆرج بوشی کردوە بە وەسیلەیەک هەتا ئەو گۆرانگاریە روبدات.

جەواد ئەمیر سەعید، لە کاتی شەری عێراق- ئێراندا، لە سەربازی هەڵدێت. ئەو بۆ خۆی عەرەبێکی شیعەیە و هەربۆیە پیاوەکانی رژێم دەیانوویست بەهچ نرخێک بێت بیگرن. سیخورەکانی رژێم، جاسووسی بەسەر خێزانەکەی جەوادەوە دەکەن، هەربۆیە لەو ماوە دوروردرێژەدا، سەعید لە ژوورەوە نایەتە دەرەوە. لەو ماوەیەدا دایکی خواردنی بۆ دەبات و تەوالێتێکی بچکۆلە و کانیەکی بچکۆلەی بۆ ئاوخواردنەوە دەبێت.

بەدرێژایی ئەو ماوە دوورودرێژە، بۆ یەکەمین جار لە ٤/١٠ دێتە دەرەوە. بەڵام ئەو هەر لە دوای ١١ سێبتێمبەرەوە، لەوە دڵنیا دەبێت کەنۆرەی سەدامیش دێت، ئەو رازەی خۆی بۆ دایکی دەدرکێنێ.



جەواد دەڵێت: من گەنجێکی بەهێز بووم کاتێ خۆم خزاندە ناو ئەم کوونەوە، ئەوەتا ئێستا پیر و کەنفت بووم. بەڵام، من هەست دەکەم کە ئێستا کورە گەنجەکەی جارانم و، دەمەوێت خۆشی لەم ئازادییە، ببینم.

جەواد بۆ خۆی ئابووری زانە، دەیەوێت بچێت بۆ بەغدا و بەشداری لە بنیات نانەوەی ئەو وڵاتەدا بکات، ئەمە لە کاتێکدا کە خێزانەکەی لەهەوڵی ئەوەدان، ژنێکی بۆ بدۆزنەوە. بەدڵنیایەوە، جەواد تاقمێکی دانیشی پێویستە! تێبینی: ئەم هەواڵە لە رۆژنامەی ئافتونبلادت وەرگیرەوە، بەکەمێک دەستکاری بچووک و کورتکراوەتەوە.

جەواد، دانە کەوتووەکانی وەکو یادگاریەک، پاراستووە!.